

## لەقتەی یەکەم

خانوێکی کۆن ... لە خشتی قوڕ درووست کراو .. کەوتۆتە نێوان دوو شەقام ، گۆشەیێکی پێك هێناوە تاقە خانووە لە ڕیزی خۆیدا نەڕووخێنراوە .. ، هاوسێی هەردوو تەنیشتی ؛ سێ چوار ساڵە خانووەکانیان لەبناغەوە هەڵوەشاندۆتەوە ، کۆشكو باڵەخانەیان لەشوێن دروست کردۆتەوە . ؛ ئەمە جگە لە دوکانی چاك چاك بۆ کرێ .. مانەوەی ئەم خانووە ـ قوڕینە دیمەنێکی دزێو دەبەخشێ .. دارتوە ئەستورەکەی بەر هەیوان هێجگار زەلام دێتە بەرچاو بەتایبەتی لەپایزدا ئەم ناوە لەگەڵا ووشك بووەکانی دەتەنێ ... شوێنەوارێکی کارەبا ؛ چیکۆن یان نوێ لەسەر دیوارێکی ئەم خانووە نابینرێ ... خێزانەکە وا راهاتوون ، بێ کارەبا دەگوزەرێنن .. رادیۆو تەلەفزیون .. سەلاجەو مجەمیدەو عەن عەناتەکانی ئیمرۆی شار .. تا ئێستا لەم ماڵەدا وجودیان نەبووە ... ئەوەتە ئێوارەو ئێوارە کچە عازەبەکەیان .. لامپا رەشداگەڕاوەکە دا دەگرێ ، لەگەڵ پاك کردنەوەی ... خەیاڵ دەیباتەوە ، بوونی ئەم لامپایە ، چەند ساڵە .. هاوبەشی خەمی هەمووان دەکات بۆیە وا زوو زوو رەشدادەگەڕێ ... پاشی سڕینەوەی شوشە مل درێژەکە ، فتیلەکە نەختێك هەڵدەکێشێ بە کەلێ شقاتە دایدەگیرسێنێو شوشە مل درێژەکە جێگیر دەکاتەوە ... بە هەناسەیێکی ساردەوە لەشوێن خۆی هەڵیدەواسێتەوە .

زایەر عبداللە
هەولێر
27/ 10/ 1982

## چرپەیێك

ژمارەی بنیادەمەکانی نێو ئەم خانووە نۆ «9» نەفەری بێ زیادو کەمن .. بە دایكو باوکەوە ... ئەمە وا ، هێشتا حیساب بۆ ئەمەیان نەکراوە کە دوو مانگیتر بێشکە چەپرەکەکە پڕ دەکاتەوە .. لە رووخساردا منالەکان گشتیان لە دایکیان ئەکەن .

«تێبینی : ژنە ... یان دایکی منالەکان ، ئافرەتێکی بالا بەرزەی چوار شانەی ئەسمەرە ...» منالەکانیش جوانن ئێسك سووکن .. بەلام لەبەر چلكو تۆزو خۆڵو چلم ؛ رووخساریان دزێو دەنووێنێ ... لەگەڵ ئەم هەموو پیسو پۆخلیەش .. بە دەگمەن نەخۆش دەکەون ... بۆیێ گاڵتەیان پێدێ هەرکە دەبیستن یەکێك نەخۆشە .. دەڵێن «بنیادەم چۆن نەخۆش دەبێت» .

ـ کابرا .. یان زرار .. یان خانەخوێ ـ

پیاوێکی کەڵەگەتی باریکەڵەیە .. لاوازە .. ، لە لاوازیان چاوی قووڵ بووە .. لەم دیواییەیە بە «فەڕاش» لە نەخۆشخانەی نێو شار دامەزراوە .. جلو بەرگی تایبەتی فەراشی دەپۆشێ .. دەنا هەرکەسێك زراری دیبێت دەتوانێت سوێند بخوات .. لەکورتەكو شەلوارێکی بۆرو کلاو جامانەیێکی چلکن زیاتر هیچی تری لەبەرا نەدیوە ... نازانێ جل گۆڕین چییە ... هەر بەم بەرگە ... چۆن بە دەگمەن بۆ زەماوەند دەڕوات ، هەرواش ـ بەرەو مزگەوت بۆ «تازییە» دەچێت ... تەبیعاتی وایە ، نە «چا»ی نە «گۆشت» ، نازانێ تامیان چییە .. خواردنو خواردنەوەیان بە زێدە مەسرەف دەزانێ .

## ئحمێك

پێویست ناکات باس لە ژنەکەی بکرێ .. چونکە ئافرەتێك بێو ئەوەندە ساڵە هاوسەری زەلامێکی وەك زرار بێت .. سەیرە لەو نەچێت !

## بەم بۆنەیەوە

کاتی خۆی ، ئەم دوو نێرەو مێیە .. چوار ساڵی رەبەق ژنو مێرد بوون ... منالیان نەدەبوو .. ژنە بە ئاواتی منالێکەوە بوو .. تامەزرۆ بوو ببیستێتەوە بڵێن «ژنی زرار سکی هەیە» .. بە دزی مێردی ، پیاو چاكو پڕو ـ پیرێژن نەما سەردانی نەکا .. تا ئەمەبوو .. زێرین .. بە سکی کەوت .

## منالەکان

هەر حەوت منالْ .. پیتێکی خوێندن چی یە نازانن !! چۆن فێر ببن .. گەر تا ئێستا لە قوتابخانە ناونووس نەکرابن ... جاران بچوك بوون ، هەستیان بەم نەقوستانیەیان نەئەکرد ... ئێستا ئەوە چار بەجار لەلای دایکیان بێزاری‌و نارەزایی دەر دەبڕن ، دەڵێن «بۆچی ، کاتی خۆی باوکمان لە قوتابخانە قەیدی نەکردینە ؟

## لەقتۆکە

قوتابخانەیێکی سەرەتایی لەوبەر جادە بەرامبەر ماڵەکەیان ، چەند ساڵە بنیات نراوە .. منالانی دەرو دراوسێ هەر هەموویان تیایا دەخوێنن .

## زێڕین

زێڕین نۆبەرەو کیژی گەورەی ماڵە .. هەندێ جار بە دزی دایکی ، خۆی دەگەیێنێتە ماڵی مامی ..

لەوێندەر هەست بە جیاوازی دەکات .. ماڵی مامی وەك ماڵی وان نی‌یە ... خانوویان کەرپوچ‌و چیمەنتۆو بە شێوەیێکی نوێ بنیات نراوە ... سەربانیان قوڕ .. نی‌یە ، لە زستانان دڵۆپە بێزاریان بکات .. ، لە هاوین‌دا ماموو ماموژنی لەسەر «چارپا» دەخەون .. ، هەر منالەو قەروێلەی تایبەتی خۆی هەیە ... باسی کارەباو شتەکانی بە کارەبا کار دەکەت هەر مەکە ... جلە کوردی‌یەکانی کە «رووناك»ی ئاموزای لەبەری دەکا .. زێڕین ناوی قوماشەکانیشیان نازانێ .

## لابەلا

هەندێ جار دایکی ڕێگەی دەدات بچێتە لای «رووناك»ی ئاموزای .. بە ریکەوت هەرکە دەچی ... ئاموزای لەگەڵ دەستە خوشکەکانی لەژوورە تایبەتی‌یەکەی خەریکی خوێندن‌و دەورکردنەوەی وانەکانیانن .. لێیان .. بەژوور دەکەوێت ، لە دووری ئەمان لەسەر چیچکان دادەنیشێت‌و خەیاڵ ئەیباتەوە .

## شۆڕبوونەوە

زێڕین هەست دەکا .. «رووناکی ئاموزایو دەستە خوشکەکانی وەك ئەم بنیادەمن ، بۆچی ئەم نەخوێندەوار ؟ ئەوانیش خوێندەوارو قسەزان‌و رووخۆش‌و پۆشتەو پەرداخ» ... لەکاتی پشودان‌و حەسانەوە ، ئەوان دەکەونە گفت‌و گۆو قسەو باسی دونیایێ .. باسی تەلەفزیون دەکەن .. لە بەرنامەو گۆرانی‌و تەمسیلی‌یەکانی شەوانی رابردوو دەدوێن ... زێڕین تەقەی سەری دێ .. قسە عەنتیکەکانی تەمسیلی‌یە کوردی‌یەکان دەڵێنەوە .... زێڕین تەقەی سەری دێ ... گوێی لە ناوی مەحمود یاسین‌و حوسێن فەهمی‌و سوعاد حوسنی‌و زۆری تر دەبێت .. زێڕین تەقەی سەری دێ .. سەیری وێنە رەنگاو رەنگەکانی گۆڤاری «مەوعیدو شەبەکەو سەمەر» دەکەن .. زێڕین لە جوانیان شاگەشکە دەبێت .. بە ناچاری زاری دا دەپچڕێ‌و بە واق ورماوی لە دیار هاوتەمەنەکانی دەحەپەسێ .. ، ئەمانیش بەگێل‌و نەفامی دادەنێن ... زۆر جار رووناك لێی بێزار دەبێت .. پێی دەڵێ «بڕۆ دوشك» .. خۆی لێدەگرێ .. نایدوێنێ .. بەلام ئەم «دوشك»ە ، زۆر ناخایەنێ ، چونکە هەر ئەوەندە نایدوێنی تا چکار لەگۆڕێ نی‌یە .. هەرکە قاپ شوشتن‌و کوڵ کردن‌و ئیستکان شوشتن هاتەوە پێش .. رووناك ناچار دەبێت بیدوێنێ ، یەکسەر دەستی گرموڵە دەکات ، پەنجەی شایەتمان‌و ئەمەی ئەوسەری‌تر درێژ دەکات ، بەزێڕین دەڵێ «باپێك بێنەوە ! دووشك یان باروشك» ... ئەمیش بە ناچاری دەست لەسەر پەنجەی شایەتمان دادەنێ ، دەڵێ .. «باروشك» ... ئێتر دەکەوێتە قاپشتن .. ئەمانیش لە دووری ئەم دادەنیشن‌و دەکەونە هیتە حیتە ... بە «ناو»ی پێدەکەنن ، گوایە ناوێکی کۆنە .. زۆر پێدەکەنن .. بە قاقا .. زێڕینیش لەگەڵوان پێدەکەنێ .. بێ ئەوەی بزانێ مەسەلە چی‌یە ؟

## تاپۆی ڕەش

ڕوونکردنەوەیێك «زرار جگە لە خۆی چوار براو تاقە خوشکێکی هەیە .. ، هەرکە باوکیان مرد .. هەموو میراتەکەی ئەم پیرە خانووە بوو ، تاپۆی ڕەشی زەمانی مەلیکیان ماوە .. هەر چوار براو تاقە خوشکەکەیان ، بە شایەدی دوو شاهێدو مەلای مزگەوت خانویان بە تاپۆی ڕەشەوە لە قەبەڵ «زرار»ی برایان کرد .. ، پاشانیش لە «عقاری» بە ناویان کرد» ... کابرا زۆر شایی بەم «تاپۆ ڕەشە» دێت ... ئێوارە نی یە دەری نەینێ و ئەم دیوو ئەو دیوی نەکات ، وەك بیەوێ بزانێ مۆرانە لێی داوە یان نەء ! ئینجا لە شوێن خۆی دادەنێتەوە ، لەوەتەی خانووەکانی دراوسێی نوێ کراونەتەوە .. هەست بە بێزارییەکی بێ مانا دەکات ... چونکە ئەو زەلامەی خانووەکانی ئەملاو ئەولای ئەمی کرییەوەو نوێی کردنەوە یەك دوو جارە ڕوو لە «زرار» یش دەکات کە خانوەکەی بفروشتێ ... نازانێ چۆنی وەلام بداتەوە ! ! جا چۆن وەلامی بداتەوە ؟ ! زەلامێك کە تا ئێستا عارەبانەیێکی مامڵەت نەکردبێت ، چۆن بزانێت فیەتی خانوێك چەندە ؟ ! دەترسێ .. نەوەك داواکەی نرخێکی کەم بێت و زەرەر بکات .. بە ناچاری لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە ، پشتی ملی دەخورێنێ ... دەڵێ «کاکی خۆم .. خانووەکەم فرۆتەنی نی یە ..»

## لابەلا

چەند ساڵێکە زرار توشی نەخۆشی دڵ بووە ... کەچی نزیکی دکتۆر نەکەوتوە .. نازانی نەخۆشی یەکەشی چی یە ؟ .. هەرکە دەیشیگرێ وا دەزانێ لە کارەکەی هیلاك بووەو پێویستی بە حەسانەوە هەیە .. لەسەر پشت ڕادەکشێ .. ژن و منداڵەکانیشی لەژوور سەری دادەنیشن و فرمێسك دادەبارێنن

## لابەلا

لەوەتەی ئەم نەخۆشی یە تووشی زرار بووە .. ناسیارەکانی ئاموژگاری چوونە لای دکتۆری لێدەکەن .. ئەم گاڵتەی بە قسەکانیان دێ ، دەڵێ «دختۆری هەمووماں خوایە» .

## چرپەیێك

کورە گەورەی زرار ... لە زێرینی خوشکی ساڵێك بچوکترە ... قەدەرێکە لەبەر دەرگا .. سندوقۆرەیێکی پڕ پاکەتی هەمە جۆر لە جگەرەی خۆماڵی و بیانی دادەنێ .. کاسبی یە ... جگەرە نی یە نەیبی .. بەغدا ، سومەر ، کێنت ، رۆسمان .. گرێڤن و زۆری تریش .. لەگەڵ دەست نەکەوتن و بەرز بوونەوەی نرخی پاکەتەکان .. پارەی ناو دەستەسرەکەی بنمیچیش پتر ئەستور دەبێت .

## هەر لابەلا

پاش نیوەڕۆیێك .. زرار تازە لە نەخۆشخانە گەڕابۆوە کوڕەکەی بانگی کرد .. کە چووە دەرەوە دوو زەلام ڕاوەستا بوون ... وایان دەرخست کە وەکیلی جگەرەی رۆسمانن دەیفرۆشنەوە ، لەگەڵ زرار ڕێکەوتن چەند کارتۆنێك رۆسمانی بۆبێنن ... داوای پارەیان کرد .. زرار چوو .. دەستەسرەکەی بە ئەستوری دەرهێنا خستی یە دەستیان .. ئەمانیش لە نێوان خۆیان کردیانە مشت و مڕ ... پاشان دەستە سرەکەیان بە هەمان ئەستوری گەڕاندەوە ... تێیان گەیاند .. دەچن کارتۆنەکان دێنن ئینجا پارەکە وەردەگرن .. سواری ئۆتۆمبیل بوون و بۆی دەرچوون ! زرار دەستە سرەکەی بردەوە ژوورێ . ژنەکەی دیقەتیدا زانی شتێك گۆڕاوە .. زرار سەیری کرد تەنها بەرگی سەرەوەی ئەستورایی پارەکە «دە» باوییکی سوورە .. ئەوانی تر کاغەزی سپی یەو هیچی تر ... زرار لە تاوانا یەکسەر دڵی وەستا ، کەوتە خوارەوە .

## لەقتەی دووەم

شوێنی پیرە خانوو ، گۆرەپانێکی بەر بەرەلایە ، ساکە بەیارێکی ڕووت و قوتە .. چەند کرێکارێك خەتی بناغەی باڵەخانەیێکی نوێ دەکێشن .. کوڕە گەورەکەی زراری ڕەحمەتیش ، هەر خۆی بە کارە ساناییەکان هەڵدەستێ .